تـەبا

ئاژانسی میدیایی تورکمان
لەگەڵ ئێوە بۆ ئێوە


٥٠٠ دینار | ژمارە: ٢٨ | تیراژ: ٢٠٠٠ | ٤ی ئەیلوول ٢٠١٨

www.tbajansi.com | facebook.com/tbajansi | twitter/@tbajansi | youtube.com/tbajansi




## ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی: قەڵەوی کێشەیەکی گەورەتره لە برسێتی


◀◀ ٨





یاریدەدەری پرۆفیسۆر دکتۆر
محەمەد ئاڵپەر ئۆزتورک

بچووککردنەوەی گەدە وەکو
کۆتا چارەسەر دەبینین



# تەبا لەگەڵ خانەوادەی شەهیدانی کۆمەڵکوژییەکەی هەولێر(ئەربیل) دوا

◀◀ ٢

# با تورکمان بە ئیرادەی خۆی نوێنەرەکەی هەڵبژێرێت

◀◀ ٢



**ئایدن مەعروف**
ئەندامی مەکتەبی سیاسی بەرەی تورکمانی عێراقی
و پەرلەمانتاری هەرێمی کوردستانی عێراق



## خواست لەسەر قوتابخانە تورکمانییەکان زیادی کردووە

■ سەرکەوتنی قوتابخانە تورکمانییەکان لە سەرانسەری وڵات کاریگەری لەسەر ژمارەی تۆماری قوتابییەکان لەو قوتابخانانە کردووە. هەر لەو سۆنگەیەوە ژمارەی قوتابخانەکانیش زیادی کردووە.

هاوکات ئەو خێزانانەی کە لە ساڵانی ڕابردوودا منداڵەکانیان لە قوتابخانە تورکمانییەکان دەرهێنابوو، ئەم ساڵە دووبارە دەیانگەڕێننەوە.

◀◀ ٥



## نزمبوونەوەی بەهای لیرە و تمەن کاریگەری بەسەر عێراقدا نابێت

■ قەیرانی سیاسی ئەمریکا لەگەڵ ئێران و تورکیا وایکردووە بەهای تمەنی ئێرانی و لیرەی تورکی بە ڕێژەیەکی بەرچاو لە بەرامبەر دراوە بیانییەکاندا دابەزێت.

هاوکات ئەمریکا دوای ئەوەی کە لە ڕێککەوتنامەی ئەتۆمی لەگەڵ ئێران کشایەوە، کۆمەڵێک سزای بەسەر ئەو وڵاتەدا سەپاند کە ئەوەش بووە هۆی دابەزینی بەهای تمەنی ئێرانی.

◀◀ ٤



## کەس گوێ لە کێشە و نەهامەتی شوفێرانی تەکسی دەرەوەی شار ناگرێت

■ شۆفێرانی تەکسی نێوان پارێزگاکان بانگەشەی ئەوە دەکەن کە سەندیکای شوفێران ئاگاداریان نین.

لە لێدوانێکدا بۆ هەفتەنامەی تەبا، شۆفێرانی تەکسی باس لە گرانی نرخی سووتەمەنی و هەڵسوکەوتی سەندیکای شۆفێران بەرامبەر ئەوان و دووری تەرمیناڵی هەولێر دەکەن.

◀◀ ٦

# با تورکمان بە ئیرادەی خۆی نوێنەرەکەی هەڵبژێرێت

وێرای بەردەوام بوونی باسی ئەنجامدان و نەدانی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی هەرێمی کوردستانی عێراق، پارتە سیاسییەکان بە شێوەیەکی خێرا ئامادەکارییەکانیان بۆ هەڵبژاردن تەواو دەکەن.

بەرەی تورکمانی عێراقی کە یەکێکە لە گرنگترین پارتی سیاسی تورکمان لە عێراق، لە ساڵی نەوەدەکان ئەرکی چەتری کۆکردنەوەی پارتە تورکمانییەکانی بینیوە و یەکێکە لەو ٨ پارت و لیستە تورکمانییە کە بەشداری لە هەڵبژاردنەکان دەکەن.

ئایدن مەعروف، ئەندامی مەکتەبی سیاسی بەرەی تورکمانی عێراق و پەرلەمانتاری هەرێمی کوردستانی عێراق یەکەم پەرلەمانتارە کە لە هەڵبژاردنەکانی ٢٠١٣دا بەشداری کردووە و هاوکات ئێستا سەرۆکی فراکسیۆنی بەرەی تورکمانی عێراقییە.

ئایدن مەعروف، وەکو سەرۆک لیست لەگەڵ ٤ کاندیدی دیکە بەشداری هەڵبژاردنەکان دەکات کە بڕیارە لە ٣٠ ئەیلوول ئەنجام بدرێت. ئەو پەرلەمانتارە باسی ئامادەکارییەکانی هەڵبژاردن و دید و ئامانجەکانی بۆ تەبا باس کرد و لەبارەی دوایین جموجۆڵی ئامادەکاری هەڵبژاردن دوا.

## ئامادەکارییەکانی هەڵبژاردن چۆن دەگوزەرێت؟ چ بەڵێنێک بە دەنگدەرانتان دەدەن

بەرەی تورکمانی عێراقی دامەزراوەیەکی گرنگە. لە ساڵی ٢٠١٣دا بۆ یەکەمجار بەشداریمان لە پەرلەمانی کوردستانی عێراق کرد. ئەمە هەنگاوێکی گرنگ بوو. لە ماوەی ٥ ساڵدا بەرەی تورکمانی عێراقی هەم لە پەرلەمان و هەم لەسەر ئاستی هەرێم لە ڕووی سیاسی وکەلتووری وکۆمەڵایەتی بە شێوەیەکی چالاک خۆی سەلماندووە. لە پرسە گرنگەکاندا هەموو کات هەڵوێستەکانی دیار بووە و لە سەرووی هەموویانەوە لە هەولێر بە شێوەیەکی یەکسان ئەو ستەمانەی کە ڕووبەڕووی تورکمان و کورد و کریستیانەکان بووەتەوە، گەیاندوویەتی بە پەرلەمان و حکوومەت. ئەمە یەکێکە لە بنەماکانی ئێمە.

> بەرەی تورکمانی عێراقی بە لیستی ژمارە ٢٧٢ بەشداری لە هەڵبژاردنەکان دەکات

ئامادەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستانی عێراقین کە بڕیارە لە ٣٠ ئەیلوولی ئەمساڵ ئەنجام بدرێت. کاندیدەکانمان دیاری کردووە و بەرەی تورکمانی عێراقی بە لیستی ژمارە ٢٧٢ بەشداری لە هەڵبژاردن دەکات. لە هەولێر و کفری ٥ کاندیدمان هەیە. بەرەی تورکمانی عێراقی پارتێکی گشتگیرە، لق و نووسینگەمان هەم لە عێراق و هەم لە شارەکانی هەرێم هەیە. هەولێر و کفری بۆ ئێمە گرنگییەکی زۆری هەیە. ڕاستە ئێمە وەکو لیستی بەرەی تورکمانی عێراقی بەشداری هەڵبژاردنەکان دەکەین، بەڵام نوێنەرایەتی هەموو پێکهاتەکان دەکەین واتە وەکو نوێنەری تورکمان، کورد و کریستیان لە پەرلەماندا کار دەکەین.

> ئامانجمان بەفەرمی کردنی زمانی تورکمانییە لە هەرێم

## ئامانجەکانتان چین؟ چ جۆرە دیدێک پێشکەشی دەنگدەرانتان دەکەن؟ دەتوانن بۆمان ڕوون بکەنەوە

ئامانجی یەکەممان، نیشاندانی بوونی تورکمانە لە هەرێم لە ڕووی سیاسی و کەلتووری و هەموو بوارەکان. هەوڵێکی زۆر دەدەین بۆ چەسپاندنی بوونی خۆمان. ئامانجمان، بەفەرمی کردنی زمانی تورکمانییە لە هەرێم. لە ڕابردووشدا هەوڵمان داوە چونکە ئەمە بۆ ئێمە پرسێکی گرنگە. جگە لەمەش گرنگیدان لە ڕووی کەلتوورییەوە بە هەولێر. هاوکات ناوچە تورکمانییەکانیش یەکێکە لە پرسە گرنگەکان. لە هەموو کۆبوونەوە سیاسییەکاندا جەختمان لەوە کردووەتەوە کە پێویستە پێکهاتەی تورکمان لە بڕیارە گرنگەکاندا بەشدار بێت، بەردەوامیش دەبین لەسەر داواکردنی ئەو مافە. خزمەتگوزارییەکانی پەروەردە و تەندروستی لەنێو ئامانجەکانمان دایە. لەم دوو بوارەدا پرۆژەمان هەیە بۆ خەڵکی هەرێم. جگە لەمەش وەکو بەرەی تورکمانی عێراقی لەماوەی داهاتوودا هاوکاری گەورەمان دەبێت لە بەرەوپێش بردنی بواری پەروەردە و خوێندن. بەم مەبەستەش هەوڵی دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ زانکۆکانی تورکیا دەدەین.

> داوا دەکەین پارتە سیاسییەکانی دەسەڵات لە کۆتای تورکمان دووربکەونەوە

## پەیامتان چییە بۆ گەل؟ بۆچی دەنگتان پێبدەن

یەکەمجار پێویستە باس لەوە بکەم کە بەشداریکردنی تورکمان بە ٨ لیست لە هەڵبژاردنەکان شتێکی زۆر ئاساییە. بەڵام شێوازی دروستبوونی ئەو لیستانە و ئەو جۆرە سیاسەتەی کە لە داهاتوودا پەیڕەوی دەکەن، دیار نییە. سیاسەت لەلایەن لیستەکانەوە ئەنجام نادرێت بەڵکو لەلایەن پارتە سیاسییەکانەوە ئەنجام دەدرێت. سەیرکەن، هیچ لیستێکی سیاسی لەلایەن پارتە کوردییەکانەوە دانەمەزراوە. هەموویان ڕاستەخۆ بەشدارییان لە هەڵبژاردن کردووە. تەنها پارتە سیاسییەکان لە مەیدانن. کەوایە بۆچی لەنێو تورکماندا لیست هەیە؟ ئەمەیان جێگەی گومانە. داوامان ئەوەیە ئەو پارتە سیاسییانەی کە لە دەسەڵاتن، لە کۆتای تورکمان دووربکەونەوە و تێکەڵی کاروباری نێوخۆیی نەبن.

> وەکو تورکمان هیچ کاتێک نەبووین بە هەڕەشە لەسەر دەسەڵاتدارێتی هەرێم

ئێمە وەکو تورکمان هیچ کاتێک نەبووینە هەڕەشە لەسەر دەسەڵاتدارێتی هەرێم و دەشزانین هیچ کاتێک نەبووینەتە هەرەشە لەسەر کوردانی ناوچەکە. بەم هۆیەوە با لە کارووباری ناوخۆییمان دوور بکەونەوە و دەست لە کارەکان وەرنەدەن. بەپێچەوانەوە بەردەوام دەبین لە فشارە مەدەنییەکانمان بۆ سەر حکوومەت. کاتێک کە دەستتێوەردان دەبێت، واتە دەستێوەردان لە دیموکراسی و مافەکانی مرۆڤ دەبێت.


> با پێکهاتەی تورکمان بە ئیرادەی خۆی نوێنەری هەڵبژێرێت

لێگەڕێن با پێکهاتەی تورکمان بە ئیرادەی خۆی هەڵبژێرێت. لێرەوە پەیامێک ئاراستەی خەڵکی هەولێر و هەرێم دەکەم و ڕادەگەیەنم گەر لە ڕابردوودا بە شێوەیەکی جوان نوێنەرایەتی خەڵکی هەولێرمان کردبێت ئەوا لە ماوەی داهاتووشدا بەم جۆرە بەردەوام دەبین. با دەنگ بدەن بە تورکمان و لەگەڵ تورکمان بن. ئەگەر دەنگ بدەن بە ئێمە، ئەوا دەنگەکانیان ناچێتە زبڵدان و ون نابێت. لە ڕابردوودا چۆن کارمان کردبێت لە داهاتووش بەم جۆرە بەردەوام دەبین. ئامانجمان لێرە پێکەوەژیانە لەگەڵ کورد و کرسیتیانەکان و پاراستنی بوونی تورکمان.



ئێمە لە ماوەی ٥ ساڵدا بە ڕێگەی مانگی سوری تورکی و ئافاد و تیکا بەبێ جیاوازی لە هەموو کەمپەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق بە هەماهەنگی بەرەی تورکمانی عێراقی هاوکارییکانمان دابەش کردووە و پرۆپاگەندەی هیچ یەکێکیشمان نەکردووە. لەکاتێکدا هەندێک لە دامەزراوەکان تازە دەست بە ڕێکلام و پروپاگەندەی هەڵبژاردن دەکەن. بەرەی تورکمانی عێراقی بە درێژایی مێژووی خۆی ڕێکلامی بۆ ئەو کارانە نەکردووە کە لە بوارەکانی پەروەردە و سیاسەت و کۆمەڵایەتی پێشکەشی کردووە. چونکە بەرەی تورکمانی عێراقی ئەو کارانەی بۆ نەتەوەی خۆی و برای و نەتەوە براکانی کردووە. لەمەودواش بەردەوام دەبێت. ئەوانەی لەبەرامبەر ئەوەدا لیستیان داناوە، تەنها بۆ مەبەستی هەڵبژاردن کردوویانە و ڕەنگە هەندێکیان بە هاوکارییە دەرەکییەکان بچنە ناو پەرلەمان، بەڵام گرنگ ئەوەیە بتوانن لە ماوەی پەرلەمانتاریدا بەرگری لە بوونی خۆیان بکەن.

زیا عوزێری
فۆتۆ: عەبدوڵا ئەحمەد



# تەبا لەگەڵ خانەوادەی شەهیدانی کۆمەڵکوژییەکەی هەولێر(ئەربیل) دوا

یەکێک لە زەرەرمەندانی دەستی رژێمە یەک لەدوای یەکەکانی پێشووی عێراق، بێگومان نەتەوەی تورکمانە و چەندین ئێش و ئازاری بینیوە. جگە لەمانە، هەر لەگەڵ درووستبوونی سیستەمی کۆماری، تورکمان رووبەرووی جینوساید و هەرەشەی جیاواز بوونەتەوە.

شەهیدانی تورکمانی ساڵی ١٩٩٦ یەکێکە لەو ئێش ئازارە کەلەنێو ناخی تورکمان بووەتە پەڵەیەکی رەش. لە ٣١ی ئاب-ی ئەو ساڵە رژێمی بەعس هەڵسا بە هێرشێکی فراوان بەسەر دامودەزگا و بارەگا حیزبییەکانی تورکمان لە هەلێر و ژمارەیەکی زۆر لە ئەندامانی ئەو حیزبانە لەسێدارەدرا.

بۆ روونکردنەوەی ئازارەکە، وەکو هەفتەنامەی تەبا هەڵساین بە ئەنجامدانی چاوپێکەوتن لەگەڵ کەسوکاری شەهیدان و رووماڵکردنی ئازارەکانیان.

لەو بارەیەوە هاوسەری شەهید عەبدولرەحمان قادر محەمەد، گوڵشەر سولەیمان لەبارەی چۆنییەتی شەهیدبوونی هاوسەرەکەیەوە وتی، "هاوسەرەکەم لە نووسینگەی سەربازی بەرەی تورکمانی عێراقی پەرستاری پزیشک بوو. لەهەمان کاتدا لە نەخۆشخانەی رزگاری کارمەند بوو. بۆ ماوەی چەند رۆژێک بۆ دەوام نەچووبوو. دواتر پێیان راگەیاند کە مووچەکانیان هاتووە و بۆ مووچە وەرگرتن بانگکران و خرانە نێو بۆسە و دواتریش شەهیدکران".

گوڵشەر خان کە خاوەنی ٢ کچ و کورێکە، ئاماژە بەوە دەدات کە هیچ کەسێک هاوکارییانی نەکردووە و تیشی، "هاوکاریمان لە حکوومەتی هەرێم وەرنەگرتووە. تەنها مانگانە لە بەرەی تورکمانی عێراقی بڕی ١٠٠ دۆلار وەکو مووچەی شەهیدان وەردەگرین لەگەڵ ئەوەشدا بەهۆی فەرمانبەربوونی هاوسەرەکەم، ٢٠٠ هەزار دینار لە حکوومەت وەکو بڕە پارەی خانەنشینی بۆی سەرف دەکرێت. بۆ زیادکردنی بڕە پارەکە، هەنگاوێکی زۆرمان ناوە بەڵام مووچەکەیان زیاد نەکرد. هی هەموو کەسێک زیادکرا تەنها مووچەی شەهیدان نەبێت".

لەلایەکی دیکەوە گوڵشەر خان وتیشی، "حکوومەتی عێراق وەکو هاوکارییەک، لە کەرکوک شووقەیەکمانی پێداوە و مانگانە بڕە پارەیەک وەکو مووچە بە منداڵەکانم دەدات".

خاتوو سەعادەت واحید حەوێز، خەسووی شەهید محەمەد رەشیدە کە لە رووداوەکانی ٣١ی ئاب لەلایەن رژێمی پێشووی عێراق شەهید کرا، باسی ئەو رۆژەمان بۆ دەکات و دەڵێت، "کوڕەکەم تاریق زێرینگر و زاواکەم محەمەد رەشید لە پارتێکی تورکمانی بوون. لە رۆژی ٣١ی ئاب کوڕەکەم و شەهید محەمەد وەکو رۆژێکی ئاسایی بەرێکەوتن بۆ بارەگای پارتەکە. پێشتریش پێیان راگەیەندرابوو کە ئەو رۆژە مووچەکانیان هاتووە و دابەش دەکرێت. دوای ماوەیەک گرووپێک دەچنە نێو باڵەخانەکانیان و دەمودەست چاوەکانیان دەبەستن و دەستگیر دەکرێن. کاتێک من ئەمەم زانی، بە گریان و هۆریکی زۆرەوە بەپێ بەرەو بارەگاکەیان هاتم و بینیم کە لەلایەن گرووپەکەوە کاولکراوە و کوڕەکەم و زاواکەمیان بردووە".

دایکی تاریق باس لەوە دەکات کە سەرەتا بۆ عەنکاوە دەبردرێن و دواتر بۆ مووسڵ و تکریت و لە دواهەمین وێستگەدا لە گرتووخانەی ئەبوغرێب دەستبەسەر دەکرێن، ناوبراو وتیشی، "تاریقی کوڕم بۆمانی باس کرد کە لە رێگادا ئۆتۆمبێلێک بۆ لایان دێت و رایاندەگرێت. دواتر پێیان رادەگەیەنێت کە گشت دەستبەسەرکراوەکان گوللەباران بکەن. بەڵام دواتر هەواڵێکی بەپەلە پێیان رادەگەیەنرێت کە گوللەبارانیان نەکەن و بۆ بەغداد بەرێیان بکەن. دوای گەیشتنیان بۆ بەغداد، هەموو دەستبەسەرکراوەکان بۆ هۆبەی ٥ی هەواڵگەری بەغداد گوازرانەوە. کوڕەکەم بۆمانی باس کرد کە هەریەکێکیان لە ژوورێکی جیاوازدا دەستبەسەرکران و دوای ٤٥ رۆژ مانەوەیان لە بەغداد، شەوێک بانگیان دەکەن و وێنەیان دەگرن و پەنجەمۆریان وەردەگرن. دواتر بە ئۆتۆمبێلیک رەوانەی شوێنی دەستبەسەرداگرتنی ئەبوغرێب دەکرێن".

هاوکات سەعادەت خان بە گەمگینییەوە بەردەوامبوو لە باسکردنی رووداوە یەک لە دوای یەکەکان و وتی، "کوڕەکەم وتی دووبارە لەوێ من و محەمەد یەکتریمان ماچ کرد و باوەشمان بە یەکتر گرت. دواتر لەهەمان ژوور ماینەوە، کاتێک گریاین و باوەشمان بەیەکتری کردبوو، سەربازانی گرتووخانەکە لێیان داین و پێمانیان راگەیاند ئایا یەکتری دەناسین یاخود نا. کوڕەکەم راشیگەیاند کە بە سەربازەکانیان وتبوو یەکتر ناناسن".

سەعادەت خان باس لەوە دەکات کە دوای ماوەیەک تاریقی کوری ئازاد کرا و گەڕایەوە ماڵەوە بەڵام زاواکەی لەوێ مایەوە و بڕیار وابوو بۆ ماوەیەکی کەم ئەویش بەهەمان شێوە ئازاد بکرێت بەڵام ئەوە رووی نەدا و وتی، "دوای ماوەیەک بە نامە پێمان راگەیەندرا کە دەستبەسەرکراوەکان هەر هەموویان لە ئەبو غرێب لەسێدارەدراون. نامەکە ناوی ئەو کەسانی تێدابوو کە لەسێدارەدراون بەشێوەیەک، کات و ساتەکەشی بەشێوەیەکی ورد نووسرابوو. دواتر بە فەرمانی دادگا، وەفاتنامەی بۆ دەرچوو و بە مردوو هەژمار کرا بەڵام دوای چەندین گەڕان و سووران نەمانتوانی بە تەرمەکەی بگەین. دواتر پێمان راگەیەندرا کە لە ناوچەی راشدییە نێژراون".

لەکۆتاییدا سەعادەت واحید حەوێز رایگەیاند، "١٠٠ دۆلار وەکو مووچەی شەهیدان لە بەرەی تورکمانی عێراقی بەناوی محەمەد رەشید وەردەگرم و ٦٠ دۆلاریش وەکو مووچەی خانەنشینی تاریقی کوڕم وەردەگرم. هیوامان وایە مووچەی شەهیدان و ئەوانی دیکە زیاد بکەن".

هەواڵ: عەلی عەنتەر



شەهید
یڵماز خالید محیەدین

شەهید
محەمەد ساڵح حوسێن جومعە

شەهید
ئەیاد واحید سەعدوڵا

شەهید
ئیبراهیم عەبدولرەحمان عەبدوڵا

شەهید
ئەحمەد نورەدین حوسێن

شەهید
ئەرکان فەوزی شەوقی

شەهید
ئەفزەل عەبدوڵا مەحمود

شەهید
عەبدولرەحمان محەمەد عەزیز

شەهید
شاهین یونس مەحمود

شەهید
شاکر شکور زەینەلعابدین

شەهید
رەحمان قادر محەمەد

شەهید
جەواد ئەکرەم عەلی

شەهید
تەیمور محەمەد شوکر

شەهید
ئایدن شاکر عیراقلی

شەهید
عەلی حەسەن حوسێن

شەهید
عەلی عومەر محەمەد

شەهید
فەرهاد قاسم عەزیز

شەهید
مازن تەحسین شاکر عوزێرئەغالی

شەهید
مازن فاروق سادق

شەهید
محەمەد رەشید دوزلو

شەهید
میکایل شاباز عەبدولسەمەد

# نزمبوونەوەی بەهای لیرە و تمەن کاریگەری بەسەر عێراقدا نابێت

قەیرانی سیاسی ئەمریکا لەگەڵ ئێران و تورکیا وایکردووە بەهای تمەنی ئێرانی و لیرەی تورکی بە ڕێژەیەکی بەرچاو لە بەرامبەر دراوی دۆلار دابەزێت.

هاوکات ئەمریکا دوای ئەوەی کە لە ڕێککەوتنامەی ئەتۆمی لەگەڵ ئێران کشایەوە، کۆمەڵێک سزای بەسەر ئەو وڵاتەدا سەپاند کە ئەوەش بووە هۆی دابەزینی بەهای تمەنی ئێرانی.

هاوکات کێشە و ناکۆکییەکانی نێوان ئەمریکا و تورکیاش گەیشتە ئەو رادەیە کە هەردوو وڵات ئابڵۆقەی سیاسی و ئابووری بەسەر یەکدا بسەپێنن. بەم جۆرە لیرەی تورکی بەرامبەر بە دراوی دۆلار بەهای لەدەست دا.

ئەمریکا بە وڵاتانی جیهانی راگەیاندووە کە مامەڵە لەگەڵ ئێران نەکەن، ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی کە ئێران ڕووبەڕووی قەیرانێکی سەختی دارایی بێت. حکوومەتی عێراق و هەرێمی کوردستانی عێراقیش بەشێکن لەو وڵاتانەی کە بە شێوەیەکی بەردەوام مامەڵەی بازرگانی لەگەڵ تورکیا و ئێران ئەنجام دەدەن.

سەبارەت بە کاریگەری دابەزینی بەهای لیرەی تورکی و تمەنی ئێرانی لەسەر بازرگانی عێراق لەگەڵ تورکیا و ئێران، هەڵساین بە ئەنجامدانی چاوپێکەوتنێک لەگەڵ ئابووریناس شیلان بیبانی، خاوەن بڕوانامەی ماستەر لە کارگێڕی کار و شارەزا لە بواری ئابووری.


هاوکات شیلان بیبانی لە شیکردنەوەکەیدا لەبارەی هۆکار و کاریگەری دابەزینی بەهای لیرەی تورکی و تمەنی ئێرانی وتی "هەڵبەتە هۆکاری سەرەکی گرفتەکانی ئابوری جیهانی، لە ئەنجامی دەرچوونی دۆناڵد ترەمپ وەک سەرۆکی ئەمەریکا و زیادکردنی باجەکان و هەوڵەکانی لە پێناو بەرزکردنەوەی بەهای دۆلار لەبەرامبەر دراوەکانی دیکە سەریهەڵدا. هەرێمی کوردستان لە رووی جوگرافییەوە نزیکترین خاڵی سنووری هەیە لەگەڵ هەردوو وڵاتانی تورکیا و ئیران. لەهەمان کاتدا دابەزینی بەهای دراو، کاریگەری لەسەر بازرگانی ئەو دوو وڵاتە هەیە، بەڵام لەبەر ئەوەی هەرێم زیاتر مامەڵەکانی بە دراوی دۆلارە، بۆیە لە کاتی دابەزینی بەهای دراوەکانی دیکە جگە لە دینار دووچاری زەرەرمەندی نابێت".

بیبانی لە درێژەی قسەکانی زیاتر ئاماژەی بە کاریگەرییەکانی دابەزینی بەهای ئەو دراوانە کرد و ئاماژەی بەوەدا کە ئەو دابەزینە کاریگەری لەسەر هەرێم و عێراق نابێت، ناوبراو زیاتر وتیشی، "زۆربەی کاڵای بەکارهێنراو یان هاوردەکراو بریتیە لە کاڵای تورکی و ئێرانی. بۆیە دابەزینی بەهای دراو تارادەیەک نرخی شتومەکەکان روو لە دابەزین دەکات. ئەوەی جێگەی ئاماژە پێکردنە، مامەڵەکان زیاتر بە دۆلار دەکرێت و دیناریش لەبەرامبەر دۆلار نرخی جێگیرە. بۆیە دابەزینی لیرە و تمەن باری ئابووری هەرێم تێک نادات، جگە لەوانەش ئابوری عێراق بەگشتی و کوردستان بە تایبەتی پابەندە بە نرخی نەوت و نرخی نەوتیش لەم کاتەدا رووی لە بەرزبوونەوە کرد و بەو پێیەی تورکیا وڵاتیکی بەکارهێنەری نەوتە بە ڕێژەی لە سەدا ٩٠ بەو شێوەیە نەوت بە دۆلار دەفرۆشرێت. واتە بەهای نەوت و دۆلار پێکەوە بەرزدەبێتەوە. لە ئەنجامدا لیرەی تورکی دادەبەزێت. واتە دابەزینی لیرە یاخود تمەن کارێگەری ناکاتە سەر ئابووری هەرێم و عێراق بەڵکو نرخی نەوت و دۆلار فاکتەری سەرەکین لە خەملاندنی ئابووری هەرێمی کوردستان و عێراق".

ئەو ئابووریناسە پەیوەندی نێوان بەهای دۆلار و بەهای نەوت بە پەیوەندییەکی راستەوانە لەقەڵەم دەدات و ئاماژە بەوە دەدات کە وڵاتان خوازیارن نرخی دۆلار سەقامگیر بێت و وتیشی:
"بەرزبوونەوەی بەهای دۆلار لەجیهاندا پەیوەستە بە لابردنی سودەکان(قازانجەکان) و هەروەها هەوڵەکانی ترەمپ لە بەرامبەر بەرزکردنەوەی بەهای دراوی دۆلاری ئەمەریکی. جگە لەوانەش نرخی زێر لە بازاڕەکان دابەزینی بە خۆە بینی کە ئەمەش وادەکات نرخی دۆلار بەرزبوونەوە تۆمار بکات و نەوتیش بە هەمان شێوە فاکتەرێکی گرنگە بۆ بەرزکردنەوەی نرخی دۆلار لە کاتی بەرزبوونەوەی نرخی نەوت، سزای ئابوری ئەمەریکا و دابەزینی بەهای لیرە و تمەنی ئێرانی خۆی بۆ خۆی بەرزبوونەوەی نرخی دۆلار بەرز دەکاتەوە و تەواوی مامەڵە بازرگانیە جیهانیەکان بە شێوەیەکی باو مامەڵە بە دۆلار دەکەن. بۆیە زۆربەی وڵاتان بە چین و هند و وڵاتانی بەرهەمهێنەری نەوت لە پێناو بەرژەوەندی باری ئابوری خۆیان، لە هەوڵی ئەوەدان بەهای دۆلار گونجاو بێت و نزم نەبێتەوە بەتایبەتی لە کاتی فرۆشتنی نەوت".

شیلان بیبانی، خاوەن بڕوانامەی ماستەر لە کارگێڕی کار و شارەزا لە بواری ئابووری لە کۆتایی قسەکانیدا رایگەیاند، "تورکیا و ئێران دووچاری سەخترین باری ئابووری دەبن و لەوانەیە هەوڵ بدەن چیدی مامەڵەی بازرگانی بە دۆلار زیاتر بکەن نەوەک تمەن و لیرە. بۆ عێراقیش بەرزبوونەوەی لەرادەبەدەری دۆلار بەهای دینار دادەبەزێنێ کە ئەمەش لەرووی ئابوورییەوە ترسناکە. بەڵام ئەگەر بە شێوەیەکی زۆر نەبێت ئەوا زۆر کارێگەری نەرینی نابێت لەسەر ئابووری عێراقدا".

زیا عوزێری






# جیهانی ئیسلامی و قەیرانی تورکیا



عەلی عەنتەر

گەلی تورکیا لە دێر زەمانەوە هەمیشە ڕووبەڕووی هێرشی دەرەکی بووەتەوە. بۆ نموونە دەوڵەتی عوسمانی وێڕای پەیرەوکردنی عەدالەت و دابینکردنی خۆشگوزەرانی لە سەرجەم ئەو ناوچانەی کە فەتحی دەکردن، هەمیشە ڕووبەڕووی خیانەت و هەوڵی رووخاندن دەبوویەوە. کۆماری تورکیاش بە هەمان شێوە.

ماوەیەکە تورکیا بەرەوپێشچوونێکی بەرچاوی بەخۆوە بینیوە بە تایبەت لە سەردەمی نوێدا. ئەو گەشەکردنە خیرا و گەورەیە بووەتە هۆی نارەحەتی ناحەزانی ئەو وڵاتە. تورکیا وەکو وڵاتێک کە زۆرینەی دانیشتوانی موسڵمانە، بەردەوام پشتیوانی وڵاتە ئیسلامییەکان دەکات و هەوڵی ئارامی و خۆشگوزەرانی بۆ ئەو وڵاتانە دەدات. لە پێش هەموویانەوە لە پرسی فەڵەستین و ئاراکان هەڵوێستێکی توند و جوامێرانەی نواندووە. بەم هۆیەوە وڵاتانی ئازادی ئیسلامی خۆشەویستییەکی زۆریان بۆ ئەو وڵاتە هەیە.

لەگەڵ ئەوەشدا تورکیا پەیوەندییەکی باشی لەگەڵ رووسیا و ئێران و وڵاتە بەرەچەلەک تورکەکانی وەک ئازەربایجاندا هەیە. ئەوەش وای کردووە کە ئەمریکا و ئیسرائیل و وڵاتە ژێردەستەکانیان نارەحەتبن بەو دۆخە.

ئەمریکا بە بیانووی دەستگیر کردنی قەشەیەک کە بەپێی یاساکانی تورکیا تیرۆرستە، هەڵدەستێت بە لێدوانی توند دژی تورکیا، یاری کردن بە نرخی دراوی تورکی بەرامبەر بە دۆلار و جێبەجێکردنی سزا لەسەر ئەو وڵاتە. شایەنی باسە ئەمریکا بەنیازە دەسەڵاتی رەهای خۆی بەسەر گشت وڵاتانی جیهان بسەپێنێت. هەوڵ دەدات لە ڕێگەی سەپاندنی سزاوە وڵاتە بەهێزەکانی وەک کۆریای باکوور، رووسیا، تورکیا و ئێران بخاتە ژێر فشار و دەسەڵاتی خۆی. بەڵام ئەمریکا بێئاگایە لەوەی کە ئەو وڵاتانە وەکو میسر و سعوودیە نابنە ژێردەستەی هیچ وڵاتێک.

لەگەڵ ئەوەشدا ئەمریکا هەوڵی ئەوە دەدات لە ڕێگەی یاری کردن بە نرخی لیرەی تورکییەوە خەڵکی تورکیا بێزار بکات لە بارودۆخەکە و پەشێوی ناوخۆیی لەو وڵاتەدا دروست بکات. بەڵام ئەوەی کە لەناو ئەو وڵاتەدا دەگوزەرێ بە جۆرێکی ترە. بۆ نموونە گەلی تورکیا دوای لێدوانی رەجەب تەیب ئەردۆغان، سەرۆککۆماری ئەو وڵاتە کە بە خەلکی وت لیرەی تورکی بکڕن و دۆلارەکان بفرۆشن، گەلی تورکیا بەبێ جیاوازی زمان و ئاراستەی سیاسی هەموویان رژانە بازاڕەکان و دراوەکانیان گۆڕی، بەمجۆرەش نرخی یەک دۆلار لە ٧،٢٥ لیرەوە دابەزی بۆ ٦ لیرە.

هاوکات موسڵمانە گەشتیارەکانیش هەمان هەڵوێستی خەڵکی تورکیا دەنوێنن. دەبینین کە زۆرێک لە خەڵکی قەتەر و وڵاتە سەرمایەدارەکانی دیکەی ئیسلامی دێنە تورکیا و گەشتەکانیان ئەنجام دەدەن و بڕێکی زۆر لیرەی تورکی دەکڕن، ئەوەش مانای ئەوە دەگەیەنێت کە ئەوان هاوکاری و هەماهەنگی ئیسلامیان پی گرنگترە لە هاوڕێیەتی ئەمریکا.

دواجار کە رەچاوی تەواوی رووداو و بارودۆخەکە و هەڵوێستی موسڵمانان دەکرێت، دەبینین کە ئیرادەی گەلان و هەماهەنگی موسڵمانان دەتوانێت رێگربێت لەو زیادەرۆییەی ئەمریکا کە بە نیازە لە وڵاتانی ناوچەکەدا ئەنجامی بدات. ئەمریکا لە ئێستادا بەهۆی کێشەی ئابوورییەوە پەیوەندییەکانی لەگەڵ وڵاتانی ئەورووپادا شلەژاوە. ئەگەر کۆریای باکوور و باشوور، رووسیا، چین، ژاپۆن، ئێران، تورکیا و وڵاتانی ئیسلامی بتوانن یەک بگرن ئەوا زۆر بە ئاسانی دەتوانن ئەمریکا بێدەنگ بکەن و قەیرانی قودس و تەواوی قەیرانەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئابووری جیهانی چارەسەر بکەن.

# خواست لەسەر قوتابخانە تورکمانییەکان زیادی کردووە



سەرکەوتنی قوتابخانە تورکمانییەکان لە سەرانسەری وڵات کاریگەری لەسەر ژمارەی تۆماری قوتابییەکان لەو قوتابخانانە کردووە. هەر لەو سۆنگەیەوە ژمارەی قوتابخانەکانیش زیادی کردووە.

هاوکات ئەو خێزانانەی کە لە ساڵانی رابردوودا منداڵەکانیان لە قوتابخانە تورکمانییەکان دەرهێنابوو، ئەم ساڵە دووبارە دەیانگەڕێننەوە.

حازم شوکر داقوقلو، بەڕێوەبەری خوێندنی تورکمانی لە بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی کەرکوک هەڵسەنگاندنی لە نێوان پەروەردەی تورکمانی دوێنێ و ئەمڕۆ کرد و دواهەمین پێشهاتەکانی بۆ هەفتەنامەی تەبا باسکرد.

حازم شوکر لە ساڵی ٢٠١١دا پۆستی بەڕێوەبەرایەتییەکەی وەرگرتووە و لەو بارەیەوە ئاماژە بەوە دەدات کە لە ساڵی ٢٠١١دا ژمارەی قوتابخانە تورکمانییەکان ١٧٥ بووە، بەڵام لە ئێستادا گەیشتووەتە ٢١٧ قوتابخانە کە هەریەکە لە قۆناغەکانی بنەڕەتی و پیشەیی لەخۆ دەگرێت. لەهەمان کاتدا قوتابخانەیەکی پیشەسازی بازرگانیش لەنێویاندا هەیە.

داقوقلو رایگەیاند کە لەنێو سنووری پارێزگای کەرکوکدا ٥٨ هەزار قوتابی لەژێر خوێندنی تورکمانی بەردەوامی بە پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن دەدات.

ئەو بەڕێوەبەرە تیشکی خستە سەر چەند کێشەی قوتابخانە تورکمانییەکان و وتیشی، "گەورەترین کێشەی خوێندنی تورکمانی، کەمیی هاوکارییەکانی حکوومەتە. تاکو ئێستا وەرگێران و چاپەمەنی پەرتووکەکانمان لەلایەن دەزگای تورکمەن ئێلی بۆ کەلتوور و هاوکاری دەکرێت. کێشەیەکی دیکەش دامەزراندنی مامۆستا تورکمانییەکانە بە شێوەیەکی کەم. هەموو قورساییەکەمان لەسەر ٣٢٧ مامۆستای گرێبەستە لە شاری کەرکوک و زۆرێک لە مامۆستایانی ئامادەیی بە شێوەیەکی خۆبەخش کار دەکەن".

> قەیرانی دەوڵەت کاریگەریی لەسەر قوتابخانەکانمان کردووە

حازم شوکر داقوقلو ئاماژەی بەوەدا کە بۆ رەواندنی کێشەی دامەزراندن، بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی تورکمانی و پەرلەمانتارانی تورکمان لەگەڵ حکوومەتی بەغداد لە پەیوەندیدان، بەڵام بەهۆی قەیرانی ئابووری وڵات، هیچ ئەنجامێکیان بەدەست نەکەوتووە.

ناوبراو رایگەیاند کە لەبارەی بەشەکانیشەوە کێشەیان هەیە و وتیشی، "مامۆستای هەریەکە لە بابەتەکانی فیزیا، کیمیا، بیرکاری و بایۆلۆجی ژمارەیان کەمە. ئەم وانانە لە قۆناغی زانکۆ بە زمانی تورکی ناوترێنەوە، بۆیە کێشەیەکی گەورەی لێ درووستبووە".

بەڕێوەبەری خوێندنی تورکمانی لە کەرکوک لەبارەی سەرچاوەکانەوە ئاماژە بەوە دەدات کە بەشێکیان لەگەڵ سەرچاوەکانی حکوومەت یەک دەگرنەوە و ئەوانی دیکەش تایبەتە بەخۆیان.

بۆ نموونە سەرچاوەکانی وانەی عەرەبی لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی گشتی خوێندنی تورکمانی ئامادە دەکرێت، لەلایەکی دیکەشەوە ئەدەبیات و کەلتووری تورکمانی فێردەکرێت لەمەر فێرکردنی ئەدەبیاتی سەردەمی جاهیلی عەرەبی.

> سالی پار ریژەی سەرکەوتن لە ئامادەیی تورکمانی لەسەدا ٣٤ بوو، بەڵام ئەم ساڵە بۆ لەسەدا ٢٣ کەم بۆتەوە"

قوتابخانە تورکمانییەکانی شاری کەرکوک هەموو ساڵێک لەسەرووی قوتابخانە سەرکەوتووەکان دەبێت. بەڵام ئەم ساڵە لەچاو ئەوانی دیکە، رێژەی سەرکەوتن دابەزیوە و بەڕێوەبەری گشتی خوێندنی تورکمانی هۆکارەکەی باس دەکات و دەڵێت، "ساڵی پار رێژەی سەرکەوتن لە ئامادەیی تورکمانی لەسەدا ٣٤ بوو، بەڵام ئەم ساڵە بۆ لەسەدا ٢٣ کەم بۆتەوە. ساڵی پار ٤٣ قوتابی توانی ٩٠ نمرە بەرەو سەرەوە بێنێت. لەهەمان کاتدا ٢٥ قوتابی لە کۆلێژی پزیشکی وەرگیران. بەڵام ئەم ساڵە لە خولی یەکەمدا ١٠ قوتابی لە کۆلێژەکانی پزیشکی و کۆلێژی پزیشکی ددانسازی و کۆلێژی دەرمانسازی وەرگیران. هاوکات ١٤ قوتابی لە کۆلێژی ئەندازیاری وەرگیرا. ئەمە تەنها لە خولی یەکەم بوو چونکە جارێ خولی دووەم ماوە. لێرەدا تەنها باسی ئەو قوتابییانەم کردووە کە نمرەی ٩٠ بەرەو سەرەوەی بەدەستهێناوە. ژمارەی ئەو قوتابییانە زۆرە کە لەنێوان ٨٠ بۆ ٩٠ نمرەیان بەدەستهێناوە. لە کەرکوک ٧ دانە ئامادەییمان هەیە. لە ٣ ساڵی رابردوودا ٧٥ دکتۆر لە ئامادەییەکانماندا پێشکەشی شاری کەرکوک کراوە. لەگەڵ ئەوەشدا لە بەشە هەرە گرنگەکانی دیکەش قوتابیان دەرچوونە".

داقوقلو ئاماژە بەوە دەدات کە هەموو ساڵێک پلەی یەکەم لەسەر ئاستی کەرکوک بەدەست دەهێنن و وتیشی، "بۆ نموونە؛ ساڵانی رابردوو رێژەی سەرکەوتنمان لەنێوان لەسەدا ١٠٠ بۆ لەسەدا ٩٩.١ بوو. ساڵی رابردوو ٩٤.٢ بوو. ئەو رێژەیە بۆ گشت قوتابخانەکانمانە. واتە لە قۆناغی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەییدا بەپێش قوتابخانە عەرەبی و کوردییەکان کەوتووین. بێگومان ئەمە لەسایەی هەوڵ و تێکۆشانی کادرەکانمانە و سەربەرزین پێیان".

ناوبراو وتیشی، "هۆکاری دابەزینی رێژەی سەرکەوتنی قوتابخانەکانمان بۆ خۆپیشاندانەکانی دژی ئەنجامی هەڵبژاردنەکان دەگەڕێتەوە کە لەکاتی ئەزموونەکاندا بەرێوەچوو. بۆ ماوەی مانگێک قوتابییەکانمان بەمەبەستی ئیدانەکردنی ئەنجامی هەڵبژاردنەکە، گۆڕەپانەکەیان جێنەهێشت".

بەرێوەبەری خوێندنی تورکمانی لە کەرکوک ئاماژەی بەوەدا کە ئەو قوتابیانەی لە بەشی زانستی خوێندوویانە، لە کۆلێژ سەرکەوتنی گەورە بەدەست دەهێنن و وتیشی، "قوتابیانی زانکۆی دەرچووی بەشی وێژەیی کەمیش بێت کێشەیان هەیە. ئەمەش بۆ گرانبوونی چەند بابەتێکی عەرەبی دەگەڕێتەوە. بۆ نموونە؛ هەندێک کێشەیان لە سۆسیۆلۆجی، فەلسەفە و هتد.. هەیە. بۆ چارەسەرکردنی کیشەکە، هەندێک لە سەرۆک بەشەکان ریگە بە قوتابیان دەدەن پرسیارەکان بە تورکی وەڵام بدەنەوە. ئەمەش بە هەماهەنگی ئێمە لەگەڵ مامۆستایانی تورکی لە زانکۆکان ئەنجام دەدریت".

> لە سەرەتای مانگی ئابەوە چالاکی هاندانی دایک و باوکان بۆ تۆمارکردنی منداڵەکانیان لە قوتابخانە تورکمانییەکان دەستپێکردووە

حازم شوکر رایگەیاند کە لەسەرەتای ئەم مانگەوە چالاکی هاندانی دایک و باوکان بۆ تۆمارکردنی منداڵەکانیان لە قوتابخانە تورکمانییەکان دەستپێکردووە و وتیشی، "بەم دواییانە شتی زۆر سەیر روویدا. چالاکی هاندانی قوتابییەکان بۆ قوتابخانە تورکمانییەکان کەمی کردووەتەوە، سەرەڕای ئەمە ژمارەی تۆماری قوتابییان زیادی کردووە و بە بەردەوامی لە بەرزبوونەوەدایە. ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە گەل بە چاوی خۆی شایەتحاڵی سەرکەوتنەکانی قوتابخانە تورکمانییەکانە. لە رابردوودا پێشینە بڕیارمان لەسەر هەبوو. بە گشتی دایک و باوکان لەبارەی قوتابخانە تورکمانییەکان لە پرسیاردابوون".

بەڕێوەبەری خوێندنی تورکمانی لە کەرکوک وتیشی، "پێشتر وا باوبوو کە قوتابی قوتابخانە تورکمانییەکان دوای دەرچوونیان دەبێت لە تورکیا بخوێنن. ئەمەیان بیرکردنەوەیەکی هەڵەبوو. بەڵام دواتر هەر خۆیان بوون بە شایەتحاڵی سەرکەوتنەکانمان. بۆ نموونە ئەو قوتابییانەی کە لە قوتابخانە تورکمانییەکاندا دەرچوون، لە بەسرە و بەغداد و مووسڵ و هەموو شارەکانی عێراق لە بەرزترین زانکۆی سیڤیل و سەربازی دەخوێنن. ئەمەش ئاماژەیەکە بۆ سەرکەوتوو بوونی قوتابخانە تورکمانییەکان. چیتر خەڵک بەبێ گومان منداڵەکانیان لە قوتابخانە تورکمانییەکان تۆمار دەکەن".

داقوقلو رادەگەیەنێت کە لە نەتەوەکانی دیکەش ناویان لە قوتابخانە تورکمانییەکاندا تۆمار دەکەن و وتیشی، "پاکوخاوێن بوونی قوتابخانەکان و جگە لە وانەکان هەبوونی چالاکی جۆراوجۆر بووەتە هۆکارێک بۆ هەڵبژێرانی قوتابخانە تورکمانییەکان".

> داواکاریمان لە بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی حلە و کەربەلا و نەجەف پێگەیشتووە

لەلایەکی دیکەوە حازم شوکر داقوقلو ئاشکرایکرد کە داواکاریی کردنەوەی قوتابخانەی تورکمانیی لەلایەن بەرێوەبەرایەتی پەروەردەی حلە و کەربەلا و نەجەف پێیان گەیشتووە و وتیشی، "قوتابخانەی تورکمانی لە ٥ پارێزگا هەیە کە بریتییە لە؛ دیالە، مووسڵ، سەلاحەدین، کەرکوک و بەغداد. لە بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی پارێزگاکانی حلە و کەربەلا و نەجەف داواکاری کردنەوەی قوتابخانەی تورکمانی بە بەڕێوەبەری گشتی خوێندنی تورکمانی، چەتین کولەمەن گەیشتووە کە لە هەرسێ پارێزگاکە بکرێتەوە. بە هەماهەنگی لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتییەکەمان پرۆژەکە بەجێدەگەیەنین".

لەکۆتاییدا حازم شوکر داقوقلو تیشکی خستە سەر گرنگی کردنەوەی قوتابخانە تورکمانییەکان لە هەرسێ پارێزگا و وتیشی، "بەهۆی داگیرکارییەکانی داعشەوە زۆرێک لە خێزانەکانمان بۆ ئەو شارانە کۆچیان کردووە. ئەمە هەلێکی زۆر باشە بۆ خێزانە کۆچبەرەکان".

**عەبدوڵا ئەحمەد**
**فۆتۆ: چۆبان تیمور**

# کەس گوێ لە کێشە و نەهامەتی شوفێرانی تەکسی دەرەوەی شار ناگرێت

شۆفێرانی تەکسی نێوان پارێزگاکان بانگەشەی ئەوە دەکەن کە سەندیکای شوفێران ئاگاداری ئەوان نین.

لە لێدوانێکدا بۆ هەفتەنامەی تەبا، شۆفێرانی تەکسی باس لە گرانی نرخی سووتەمەنی و هەڵسووکەوتی سەندیکای شۆفێران بەرامبەر ئەوان و دووری تەرمیناڵی هەولێر دەکەن.

ئیبراهیم ئیسماعیل محەمەد، شۆفێری تەکسی هێڵی هەولێر(ئەربیل) - شەقڵاوە لە چاوپێککەوتنێکدا دەربارەی کزبوونی کارەکانیان و هۆکارەکەی وتی، "ئێمە لە هێڵی هەولێر- شەقڵاوە کار دەکەین. لە سەرەتادا شوێنی وەستانمان لە گەراجی کۆن بوو کە لە تەیراوە بوو. کارمان زۆر باش بوو ڕۆژانە نزیکەی ٧٠-٨٠ هەزار زیاتر کارمان دەکرد. دواتر چەند کەسانێک بە ناوی حوکمەت هاتن و گەراجەکەیان تێکدا. دواتر ئێمەیان گواستەوە بۆ تێرمیناڵ. دوای گواستنەوەمان، بە گشتی کارەکەمان کز بووەتەوە. گەر لە ٤ ڕۆژدا ٧٠ هەزار ئیش بکەم باشە. ئەو کارکردنەی پێشان هەبوو ئێستا نەماوە، هۆکارەکەشی ئەوەیە دوور کەوتووینەتەوە لە ناوەندی شار".

شۆفێری تەکسی هێڵی هەولێر(ئەربیل) - شەقڵاوە لەبارەی کاریگەری دووری تەرمیناڵ لە ناوجەرگە شار وتی، "تەیراوە ناو جەرگەی شاری هەولێرە و بازاڕە، هەر لەو کاتەوەش کە گەراجی تەیراوە تێکدراوە تائێستا هیچی لێنەکراوە. ئێمە لەوێ زۆر بە باشی کاسبی خۆمان دەکرد. شوێنێکی زۆر گرنگ بوو بۆ ئێمە و خەڵک ئەو کات زیاتر دەهات بۆ گەراج. ئێستا بۆ نمونە ٣ کەس لە بازار تەکسیەکی تایبەت دەگرن و بەبێ سەندیکا و هیچ شتێک دەیانبات بۆ شەقڵاوە و شوێنەکانی مەبەست. یاخود تەکسی ناو شار نەفەر هەڵدەگرێت کە هیچ لەزگەیەک لە ئۆتۆبێلەکە نەدراوە بۆ ئەوەی جیا بکرێتەوە، سەندیکاش هیچ لێپرسینەوەیەک ناکات".

ئیبراهیم-ی خاوەن تەکسی ڕەخنەی لە سەندیکای شۆفێران گرت و باسی لەوە کرد کە سەندیکا تا ئێستا هیچ پۆلیسێکی هاتوچۆی لە بازگەکە دانەناوە بۆ ئەوەی لێپرسینەوە لە تەکسییەکان بکات کە کوا لەزگەی سەندیکا و بزانرێت کە بۆ کوێ دەچن. ناوبراو لە بەردەوامی قسەکانیدا دەڵێت، "چەندین جار داوامان لە سەندیکا کردووە کە لەزگەیەکی تایبەت بۆ تەکسییەکانی گواستنەوە دابین بکات بۆ ئەوەی لەوانی دیکە جیا ببێتەوە و پۆلیسێکی هاتوچۆش لە بازگەکانی هاتن و چوون دابنێت بۆ ئەوەی کارەکان بە ڕێک و پێکی بەڕێوەبچێت. گەر چی تا ئێستا حکوومەت بە هیچ شتێک هەڵنەستاوە. ڕاستییەکی دیکەش هەیە کە کارکردن وەک جاری جاران نەماوە. بۆ نموونە؛ هەتا ١٠ تەکسی هێڵ دێت، ٥٠ تەکسی کە هێڵیان نیە، لە شەقڵاوەوە بەڕێدەکەوێت. هێڵی ئێمەش نزیکەی بە ٢-٣ دەفتەر کڕاوە".

ئیبراهیم ئیسماعیل محەمەد سەبارەت بە کەمبوونەوەی کارەکانییان لە دوای گواستنەوەیان بۆ تێرمیناڵی نێودەوڵەتی گشتی هەولێر وتی، "لەو کاتەوە کە هاتووینەتە ئێرە کارمان وەکو پێشتر نەماوە، ئەمەش بۆ چەند هۆکارێک دەگەڕێتەوە، یەک لەو هۆکارانەش ئەوەیە کە ئێمە هەر گەشتێک ئەنجام دەدەین پارە دەدەین. تایمی شەقڵاوە هەزار دینار دەدات، بەڵام ئەوانی تر وەک دهۆک و زاخۆ... هتد نرخەکانی جیاوازە و زیاترە لە هی ئێمە. لێرە هەزار دینار و لە لایەکەی دیکەش هەزار دینار، واتا ئێمە لە ماوەی مانگێکدا زیاتر لە ٦٠ هەزار دەدەینە چەند کەسێک بە ناوی حکوومەت".

شۆفێرەکە ئاماژەی بەوەدا کە شوێنەکەیان هەڵەیە و دوورە لەناوجەرگەی شار و درێژەی بە قسەکانی دا و وتی، "هەروەک وتم ئەم شوێنەی ئێستامان خۆی بۆ هاتوچۆی شارەکان شوێنێکی گونجاو نیە، ئێرە شوێنی پاسەکانە بۆ ئەوەی گەشتیارەکان بۆ تورکیا و ئێران و وڵاتە دراوسێیەکان ببەن. ئێمەشیان فڕێداوەتە ئێرە. هەروەک جەختم لەوەکردەوە کە ئێرە زۆر دوورە لە ناو شار، گەر هاتوو سەیری هەر وڵات و شوێنێک بکەین، شوێنی تێرمیناڵ لە ناو جەرگەی شار دەبێت، بۆ ئەوەی خەڵکەکە زۆر دوور نەکەوێتەوە. کەچی ئێمەیان لەلایەکی شار داناوە".





## "بیمەی کار و سەلامەتیمان نییە"

هاوکات لە بەشێکی دیکەی لێدوانەکەیدا ئیبراهیم ئیسماعیل باسی لە بێئاگایی سەندیکا و نەبوونی هیچ بیمەیەکی کار و سەلامەتی کرد و ڕایگەیاند"بۆ نموونە؛ ڕۆژێک لە ڕۆژان گەر هاتوو تووشی ڕووداوێکی هاتوچۆ بووین، قەرەبووی پارەت بۆ ناکرێت و یارمەتیشت نادرێیت. خۆت بەرپرس دەبیت لە هەموو شتێک. سەندیکا هیچ شتێکمان بۆ ناکات. چۆن بڵێی سەندیکا هیچ مانایەکی نییە لەو وڵاتە".

هەروەها ئیبراهیم باسی لەوە کرد کە پێویستە حکوومەت بە جۆرێکی دیکە مامەڵە لەگەڵ شۆفێرانی هێڵ بکات و وتیشی "ئێمە وەک دیارە کە تەکسی هاتوچۆی نێوان شارەکانین. چونکە سەر بە حکوومەتین، پێویستە بەنزینخانەیەکی تایبەت بۆ ئێمە برەخسێندرێت و بەنزینێکی هەرزانترمان بۆ دابین بکەن، بۆ ئەوەی هاتوچۆی نەفەرەکان بە هەرزانتر بێت. واتە هیچ جیاوازیەکیان بۆ ئێمە نەکرووە لەگەڵ خاوەن ئۆتۆمبێلی گرانبەهاکان. هیچ لێپێچینەوەیەک نییە. سەندیکایەکیان داناوە کە بە هیچ شتێک هەڵناستێت و بە هیچ جۆرێک یارمەتی ئەو خەڵکە نادەن".

ئیبراهیم ئیسماعیل محەمەد لە درێژەی قسەکانیدا ئاشکرای کرد کە یەکێکی دیکە لە کێشەکانی شۆفێران بریتییە لە ڕێگاوبان وتیشی"چەند ساڵە بە تەواوکردنی تونێلەکەی مەسیف سەرقاڵن، تا ئێستا تەواونەکراوە. شایەنی باسە تونێلەکە تەنها دووریی ١کیلۆمەتر ماوە قیرتاو بکرێت. ڕاستی ئەمەیان بۆ ئێمە زۆر کێشەیە، چونکە تا ئەم تونێلە تەواونەکرێت، ئێمە هەر ناچار دەبین بە ڕێگا قەرەباڵغەکەی ناو مەسیف دا بڕۆین. بە تایبەتی ڕۆژانی ٥ شەممە و هەینی ڕێگاکە زۆر قەرەباڵغە و هەموو جارێک دەبێت ئێمە ٢ کاتژمێر لە ڕێگادا بین بۆ ئەوەی بگەینە شەقڵاوە. گەر هاتوو تونێلەکە ببێتەوە ئێمە چ کارمان نامێنێت بە ڕێگای مەسیف، خەڵکی دەتوانێت بە ٣٠ خولەک بگاتە ناو شەقڵاوە و گشت هاتوچۆکانیان بەو تونێلە بکەن".

ناوبراو وتیشی، "باشە هۆکار چیە کە ئەم تونێلە تەواوناکرێت؟ ئەی ئەم تونێلە بۆ ئاسانکردنی کاری خەڵک نەکراوە؟ باشە بۆ تەواوی ناکەن؟ لە کاتێکدا کە هیچ شتێکمان بۆ ناکەن باشە حکوومەتی چی؟ من لێرەوە هانا بۆ لایەنە پەیوەندی دارەکان دەبەم. خەڵکێک هەیە پارەیەکی باش لە پەنای سەندیکا وەردەگرێت. خەڵکێکیش هەیە کە لەبەر ئەم هۆکارانە هەر لە شوێن خۆیەتی و بگرە حاڵەکەی بۆ خراپتریش دەچێت. لەمەو پێش لە تەیراوە ئێمە لە ڕۆژێکدا ٣-٤ جار زیاتر هاتوچۆی شەقڵاوەمان دەکرد، کەچی ئێستا دوو ڕۆژ جارێک بچم باشە".

دەربارەی جیاوازی هاتوچۆکردن لە جەژندا، ئیبراهیم ئیسماعیل محەمەد، شۆفێری تەکسی هێڵی هەولێر(ئەربیل) - شەقڵاوە وتی "جیاوازییەکی زۆر هەیە، بۆ نموونە؛ ئەو ڕێگایەی کە ٤٥-٥٠ خولەکە، لە ڕۆژانی جەژن ئێمە بە ٢ سەعات گەیشتووینەتە هەولێر چونکە ڕێگاکان زۆر قەرەبالغ بوون ئەمانەش هەموو زیانە بۆ ئێمە، هۆکارەکەشی هەموو بۆ تەواونەکردنی تونێلەکە دەگەڕێتەوە کە خۆشم بۆ جارێک بەو ڕێگایەدا تێپەڕبوومە، تەنها کەمتر لە ٢ کیلۆمەتری ماوە تەواوبکرێت. هیوادارم بەرپرسان و لایەنە پەیوەندیدارەکان گوێیان لە دەنگمان بێت و بە هانامان بێن".

**محەمەد ئەمین**
**فۆتۆ: چۆبان تیمور**

# هونەری پیرۆزی جیهانی ئیسلامی

خەت یاخود هێڵ بەپێی ماناوە نووسین و کێشان لەخۆ دەگرێت. هەروەها هونەری نووسینە کە پابەندە بە یاساکانی ئارایشی (ئێستێتیکا).

خەتاتی یاخود خۆشنووسی ئەو هونەرەیە کە یاساکانی ئێستێتیکا و بینایی بەهەند وەردەگیرێت و بەرێگەی نووسین و کێشانەوە ئەنجام دەدرێت. هاوکات یەکێکە لە هاوشێوەی هونەری وێنەکێشانی نەن فیگەر.

لەسەرەتای سەرهەڵدانی ئاینی ئیسلام، عەرەب شێوە نووسینێکیان بەکاردەهێنا کە بە (هێڵی کوفی) ناسراوە. دواتر خۆشنووسەکان هەڵسان بە دۆزینەوەی چەند جۆرێکی دیکە لە نووسین و خۆشنووسی بۆ نموونە؛ سلوس و نەسیح.

خۆشنووسی باڵای عەرەب، یاقوتی موستەعسەمی یاسای ٦ جۆر نووسینی دیاریکراووە کە پێکهاتووە لە؛ نەسیح، سلوس، جەلی، تەلیک، ریکعە و دیوانی. دواتر هونەری نووسین چۆتە نێو خانەی پیشە و گەشەپێدانێکی گەورەی بەخۆوە بینیوە.

خۆشنووس مەتین جەودەت، لە ماڵەکەیدا بەشێکی بۆ خۆی تەرخانکردووە و زۆربەی کاتی خۆی لەگەڵ ئەو هونەرە پڕ دەکاتەوە و چیرۆکی خۆشنووسی خۆی بۆ تەبا گێڕایەوە.


هەر لە تەمەنی منداڵیدا مەتین جەودەت خۆی لەنێو دنیای خۆشنووسی بینیوە و لە تەمەنی ٨ ساڵیدا دەستی کردووە بە هونەری خۆشنووسی.

ناوبراو ئاماژەی بەوە کرد کە بە سێ قۆناغ فێری خۆشنووسی فێربووە. یەکەم نووسینیشی بە هاوکاری باوکی نووسیوە.

دواتر لە ساڵی ١٩٩١ مامۆستا عەونی ناسیوە کە ناوبراو کەسێکی سەرکەوتووی هونەری خۆشنووسییە، پەروەردەیەکی باشی خۆشنووسی لە ناوبراو وەرگرتووە.

مەتین جەودەت دەشڵێت، "لە ساڵی ٢٠٠١ گەشتی تورکیام کرد و بووم بە قوتابی حەمید ئایتاچ کە ناوبراو کەسێکی دیاری هونەری خۆشنووسییە و دواتر خۆشنووسی جیهانی، شێخ حەسەن چەلەبی-م ناسی. بۆ ماوەیەکی درێژ بە ڕێگەی نامەوە یاساکانی خۆشنووسی و جۆرەکانی نووسین لە شێخ حەسەن چەلەبی فێربووم. لەساڵی ٢٠٠٧دا لەسەر دەستی شێخ حەسەن چەلەبی، نازناوی خۆشنووسیم وەرگرت لە ناوەندی لێکۆڵینەوەی مێژووی ئیسلامی و هونەر و کەلتووری".

**عەبدوڵا ئەحمەد**
**فۆتۆ: چۆبان تیمور**



# لە ڕۆژە تایبەتییەکاندا پیاوانیش ماکیاژ دەکەن

لە رابردوو کاتێک باسی گرنگیدان بە خود دەکرا، راستەوخۆ ئافرەتان دەهاتە خەیاڵ، بەڵام لە ڕۆژگاردا پیاوانیش بەتایبەتی لە گرنگی پێدانی قژیان درێغی ناکەن.

گۆکهان ئەرۆڵ، خاوەنی سەرتاشخانەی Modern Hair Style Turkish Berber ئاماژەی بەوەدا کە لەشاری هەولێر بۆیەکردنی قژ شتێکی باوە و هەندێکیشیان لە رۆژە تایبەتەکاندا ماکیاژێکی کەم دەکەن.

ئێرۆڵ ٥ ساڵە لە شاری هەولێر سەرتاشە و هەر لە تەمەنی ١٧ ساڵیدا جگە لە تورکیا، لە وڵاتانی سعوودیە و دوبەی و چەند وڵاتێکی دیکە پیشەی سەرتاشی بە شێوەیەکی پرۆفیشناڵ ئەنجامی داوە.

گۆکهان ئەرۆڵ، دەربارەی گرنگیپێدانی قژ و هەڵبژاردنی چەندین ستایلی جیاوازی قژ و ریش و سمێل لەلایەن پیاوان و بابەتی ماکیاژ کردن، وەڵامی پرسیارەکانمانی دایەوە.

ناوبراو تیشکی خستە خواستی پیاوان لەسەر ستایلی قژ و ردێن و وتی، "بە گشتی گەنجان ستایلی جیاواز هەڵدەبژێرن. بۆ نموونە ستایلی تۆپەڕیش (سەکسوک)یان لەلا پەسەند نییە. هاوکات ماوەی ٥ ساڵێکە خواست لەسەر تاشینی ردێن لە کەمەوە بۆ زۆرە. هاوکات لێدانی موجەفیفە لەلایەن گەنجانەوە بایەخێکی زۆری پێ دەدرێت. لەگەڵ ئەوەشدا بەزۆرینە داوای تاشینی ئەمریکی دەکەن، واتە لایەکان کەم و بەشی سەرەوەی زۆر بێت. بەپێچەوانەوە تەمەن مامناوەندەکان خواستیان لەسە ئەم ستایلە نیە. ئەوان زیاتر دەیانەوێت ستایلی نۆرماڵیان بۆ ببڕین و ستایلە کلاسیکەکانیان لەلا پەسەندە".



ئەرۆل ئاماژەی بەوە کەسانە دا کە قژیان هەڵوەریوە و وتیشی، "بەبۆچوونی من، ئەوانەی قژیان هەڵوەریوە، باشتر وایە قژیان سفر بکەن یاخود بە موس هەمووی بتاشن و پێویستە ردێنیشیان کورت ببڕن. ئەم ستایلە دەبێتە هۆی شیکتر بوونیان".

ناوبراو تیشکی خستە سەر گەورەترین کێشەی پیاوان کە هەڵوەرینی قژە و زیاتر دەڵێت، "هۆکاری هەڵوەرینی قژ پەیوەستە بە گۆڕانکاری هۆرمۆنەکان، ئاو، چەوراتی قژەکە و چەند هۆکارێکی دیکە. هەندێک جار لە هۆکاری بۆماوەیی دەبێت. بۆ نموونە زۆرجار دەبینین کە کەسێکی تەمەن ٢٠ ساڵ توشی هەڵوەرینی قژ دەبێتەوە یاخود سپی دەبێت. ئەمانە بۆ هۆکاری بۆماوەیی دەگەڕێتەوە".

لەلایەکی دیکەوە گۆکهان ئەرۆل نەیشاردەوە کە هەندێک کەس لە چاندنی قژ سەرکەوتوو بوونە و وتیشی، "لە هەندێک کەس سەرکەوتوو نابێت. ئەمەش پەیوەستە بە خانەکانی سەری ئەو کەسە. واتە گەر شانەکان لاواز بن، کێشە بۆ کەسەکە دروست دەبێت. ئەمەش هیچ چارەسەرێکی نییە".

لەبارەی درێژبوونی قژی ئەو کەسانەی کە چاندوویانە، سەرتاشەکە ئاماژە بەوە دەدات کە قژیان وەکو کەسێکی ئاسایی درێژ دەبێتەوە و زیاتر وتی "ئەو قژەی کە دەچێندرێت وەکو قژی ئاسایی درێژ دەبێت و دەبردرێت. بڵام وەکو قژی ئاسایی نابینرێت. ئەو قژانەی کە دواتر چێندراون لەچاو قژی ئاسایی رەقترن و لوولبوونیان پێوە دیارە".

ناوبراو باسی ماکیاژکردنی پیاوان کرد و بەو شێوەیە دوا، "لەراستیدا پیاوان لە هەولێر حەزیان لە ماکیاژکردن نییە. بەڵام لە رۆژی تایبەتی و لە ئاهەنگەکاندا بەمەبەستی داپۆشینی زیپکە و سووراتی دەمووچاو ماکیاژێکی کەم دەکەن".

لەکۆتاییدا گۆکهان ئەرۆڵ ئاماژەی بە ویستی بۆیەکردنی قژ دا و وتیشی، "بۆ داپۆشینی قژە سپییەکان و دادانی قژەکان بە شێوەیەکی گشتی بۆیە بەکاردەهێنین. لەهەمان کاتدا بۆیەمان هەیە لەشێوەی کرێم و سپرەی. لەسەر خواست دەتوانین بۆ تۆپە ردێن و قژ بەکاردەهێنین. ئەمەش شتێکی کاتییە و دوای شووشتن بۆیەکەی لەسەر دەچێت".

**چۆبان تیمور**
**فۆتۆ: محەمەد ئەمین**

# پاتری بەغداد — پڕ نهێنیترین پاشماوەی جیهان

پاتری (پیل) بەغداد یەکێکە لە پڕ نهێنیترین پاشماوەی کۆنی جیهان کە لە ساڵی ١٩٣٨دا لەلایەن ئاسەوارناسی ئەڵمانی، ویلیەم کۆنیگ لەنزیک ناوچەیەکی شاری بەغداد دۆزراوەتەوە.

سیستەمی 'پاتری بەغداد' لەتوانایدایە کارەبا بەرهەم بهێنێت و مێژووەکەی بۆ ٢٠٠٠ ساڵ بەر لە ئێستا دەگەڕێتەوە. سیستەمەکە لە قوڕ دروستکراوە و درێژییەکەی ١٣ سانتیمەترە و لەنێو گۆزەیەک دایە. لەنێو گۆزەکەدا چلە ئاسنێک هەیە و بە لوولەیەکی مس دەوردراوە. سیستەمەکە بە قیر داخراوە. بەپێی خاسییەتی شلەمەنییەکە کارەبا بەرهەمدەهێنرێت.

کاتێک گۆزەکە بە ئەلیکترۆلیت پڕ دەکرێت، پاتری دروست دەکرێت کە دەبێتە سەرچاوەی بەرهەمهێنانی تەوژمی کارەبا. ئەم کردارە بە کارلێکی ئێلێکترۆ کیمیایی ناوزەند دەکرێت و لە رۆژگاردا پاترییەکان بەهەمان شێوە کار دەکەن. ئەو پاترییانەی کە سیستەمەکەیان بە پاتری بەغداد دەچێت، توانای بەرهەمهێنانی ١.٥ بۆ ٢ ڤۆڵت کارەبا هەیە.

لێرەدا پرسیارەکە ئەوەیە کە ئایە زانایان چۆن باوەڕیان بەوە هێنا کە ٢٠٠٠ ساڵ بەر لە ئێستا ئەم سیستەمە بۆ بەرهەمهێنانی کارەبا بەکار هاتووە؟ گەر ئەمە راستبێت کە زۆربەی لێکۆڵینەوەکان رادەگەیەنن سیستەمەکە بۆ بەرهەمهێنانی تەزوی کارەبا بەکارهاتووە، پاتری بەغداد بەڵگەیەکە بۆ ئەوەی کە شارستانیەتەکان هەمیشە بەرەو پێش هەنگاویان ناوە و بیردۆزی سەرەتایی بوونی گەلانی پێشوو لە بنەرەتدا هەڵەیە.

تەمەن و ئەو ناوچەیەی کە پاترییەکەی تێدا دۆزراوەتەوە، بۆ سەردەمی ئیمپراتۆرییەتی پێرس یاخود ئیمپراتۆرییەتی پێرسی دووەم دەگەڕێتەوە. هەردووکیان لەرووی سەربازییەوە باڵادەست بوونە و پاشماوەیەکی زانستی ئەوتۆیان لێ نەماوە. هەر بەهۆی ئەم هۆکارانەوە پاترییەکەی بەغداد خاوەن سەمەرەیەکی تایبەتە. هەندێک لە لێکۆڵەران ئاماژە بەوە دەدان کە مێژووەکە بە دروستی هەژمار نەکراوە و بەڵام شێوەی گۆزەکە بە گۆزەی سەردەمی ئیمپراتۆرییەتی پێرسی دووەم شوبهاندووە.





چەندین بیردۆز هەیە دەربارەی چۆنییەتی بەکارهێنانی پاترییەکە. یەکێک لەوانە ئاماژە بەوە دەدات کە بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشەکان بەکار هاتووە. چونکە لە سەردەمی یۆنانییەکاندا وا باوە کە کرداری کارەبا دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی ئازار و هەر بۆیە ماسی کارەبا لەژێر پێی نەخۆشەکان دادەنرا. بەڵام پسپۆران ئاماژە بەوە دەدەن کە پاترییەکە تەزووەکەی کەمە و ناتوانێت کار لەسەر دامرکاندنی ئازار بکات.

تاکو ئێستا ئاسەوارناسەکان لەسەر بیردۆزێکی دیاریکراو رێکنەکەوتوون. بەڵام شتێکی ئاشکرایە کە پاتری بەغداد، پاترییەکی راستەقینەیە. هۆکاری دروستکردنیشی نازانرێت. لەهەمان کاتدا هیچکام لە ئامانجی بەکارهێنانەکان نەسەلمێنراوە.

**ئامادەکردنی:عەلی سالم**

# ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی: قەڵەوی کێشەیەکی گەورەترە لە برسێتی

قەڵەوی، بەم چەند ساڵەی کۆتایی بووەتە یەکێک لە گرنگترین کێشەکانی تەندروستی و دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی کۆمەڵێک نەخۆشی و سنووردارکردنی تەمەنی مرۆڤ.

بەشێوەیەکی گشتی نەخۆشی قەڵەوی واتە زۆر بوونی ڕێژەی چەوری لە ڕێژەی گۆشت لە جەستەدا کە ئەمەش دەبێتە هۆی زیاد بوونی کێشی مرۆڤ بە بەراورد لەگەڵ باڵاکەی.



یاریدەدەری پرۆفیسۆر دکتۆر محەمەد ئالپەر ئۆزتورک، پسپۆری نەشتەرگەری گشتی لەبارەی قەڵەوی، نەشتەرگەری بچووک کردنەوەی گەدە و قۆناغی دوای نەشتەرگەری چەند ڕوونکردنەوەیەکی دا.

ئالپەر ئۆزتورک ئاماژەی بەوە دا کە ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی رادەگەیەنن قەڵەوی لەسەر ئاستی جیهان کێشەیەکی گەورەترە لە برسییەتی. ناوبراو دەشڵێت، "هۆکاری گەورەتربوونی کێشەی قەڵەوی بریتییە لەوەی کە دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی کۆمەڵێک نەخۆشی دیکەی وەک؛ شەکرە، فشاری خوێن، کێشەی ئێسک و جومگەکان، کێشەی هەناسەدان و کۆمەڵێک نەخۆشی جددی. جگە لەمە قەڵەوی هۆکارێکە بۆ سەرهەڵدانی ئەو نەخۆشیانە. بەم هۆیەوە نەخۆشی قەڵەوی لەلایەن ڕێکخراوی تەندروستی جیهانییەوە بە یەکێک لە گەورەترین کێشەکان دادەندرێت".

دەربارەی هۆکارەکانی تووشبوون بە نەخۆشی قەڵەوی، ئەو پسپۆرە وتی، "بەهۆی خووی خۆبەخێوکردنی ناڕێک، زۆر خواردنی خۆراکە ئامادەکراوەکان و ئەو خۆراکانەی کە ڕێژەیەکی زۆر کاربۆهیدرات لەخۆدەگرێت، هۆگری نەبوون بە وەرزش، زۆر خواردنەوەی کۆلا و شەربەتەکان کە ڕێژەیەکی زۆر شەکریان تێدایە و شێوازی ژیان و خۆ بەخێوکردن هاوشێوەی ڕۆژئاواییەکان، قەڵەوی دروست دەبێت. جگە لە خراپی جۆری خواردن و شێوازی ژیان، وەرزش نەکردن و کەمجوولەیی هۆکارێکی دیکەی قەڵەوییە".

ئۆزتورک ئاماژەی بەوە دا کە نەشتەرگەری بچووککردنەوەی گەدە دووەم نەشتەرگەری باوە لە دوای نەشتەرگەری زراو و وتیشی "هۆکارەکەشی ئەو نەخۆشانەن کە لەگەڵ قەڵەوی دروست دەبن کە بریتین لە؛ پاڵەپەستۆی خوێن، شەکرە، کێشەی ئێسک و جومگەکان، کێشەی هەناسەدان و نەخۆشییە دەروونییەکان. بەئەنجامدانی ئەو نەشتەرگەرییە کێشەی قەڵەوی چارەسەر دەکەین لەگەڵ ئەوەشدا ئەو نەخۆشیانە چارەسەر دەکەین کە قەڵەوی دەبێتە هۆی دروستبوونیان. لەبەر ئەوەش نەشتەرگەری بچووک کردنەوەی گەدە بە شێوەیەکی چڕ و تەندروستی لە گشت جیهان ئەنجام دەدرێت".

"نەشتەرگەرییەکان بە شێوەی داخراو ئەنجامدەدرێت و نەخۆشەکە بە ئاسانی دەتوانێت دەگەڕیتەوە ژیانی ڕۆژانەی خۆی"

"ئێمە وادەکەین کە نەخۆشەکە بە بڕێکی کەم لە خواردن تێر ببێت"

یاریدەدەری پرۆفیسۆر. دکتۆر محەمەد ئالپەر ئۆزتورک، پسپۆری نەشتەرگەری گشتی لەبارەی ئەو شێوازە ژیانەی کە چاوەڕوانی نەخۆشەکە دەکات لە دوای نەشتەرگەری و ئەو خاڵانەی کە دەبێت نەخۆشەکە دوای نەشتەرگەری ڕەچاوی بکات چەند ڕوونکردنەوەیەک دەدات و دەڵێت: " نەشتەرگەرییەکە بە شێوەی داخراو ئەنجامدەدرێت بەمجۆرەش نەخۆشەکە بە ئاسانی دەگەڕیتەوە ژیانی ڕۆژانەی خۆی. پێویستە لە دوای ئەوە نەخۆشەکە نەڵێت 'من نەشتەرگەریم ئەنجامدا، هەموو شتێک تەواوبوو'. چونکە ئێمە وادەکەینکە نەخۆشەکە بە بڕێکی کەم لە خواردن هەست بە تێربوون بکات. لەگەڵ ئەوەش پێویستە نەخۆشەکە شێوازێکی هاوسەنگ، ڕێکوپێک و تەندروستی بۆ خۆبەخێوکردن دابین بکات. هاوکات پێویستە خۆیان فێری ئەوە بکەن کە وەرزشێکی تەندروست ئەنجامبدەن. ئێمە لەگەڵ ئەنجامدانی ئەو نەشتەر گەرییەدەرفەتی ئەوە دەڕەخسێنین کە نەخۆشەکە کێشی دابەزێت، شێوازێکی تەندروستی ژیان و خۆراک دەستەبەر بکات و بە ئەنجامدانی وەرزش تەندروستییەکی باش بەدەست بێنێت".




لەبارەی مەترسییەکانی ئەنجامدانی نەشتەرگەری بچووککردنەوەی گەدە، ئۆزتورک وتی "ئەو نەشتەرگەرییە ئەگەر لە سەنتەرە خاوەن ئەزموونەکان و لەلای ئەو دکتۆرانە ئەنجام بدرێت کە زۆر ئەو نەشتەرگەرییەیان ئەنجام داوە، ئەوا هیچ جیاوازییەکی نییە لەگەڵ نەشتەر گەرییەکانی دیکە. ئەو نەشتەرگەرییە بە شێوەیەکی ئاسایی ئەنجام دەدرێت".

"وەکو چارەسەری کۆتا سەیری نەشتەر گەری بچووککردنەوەی گەدە دەکەین"

ئۆزتورک دوای ئاماژەدان بەوەی کە ئەوان بچووککردنەوەی گەدە دەکەن، وتیشی "ئەگەر و سەرکەوتوو نەبوبێت لە دابەزاندنی کێش بۆ دەکەین. کاتێک نەخۆشی قەڵەوی ببێتە کەسەکە، ئەگەر مەترسی دروستبونی نەخۆشی کۆتا چارەسەر بە شێوەیەکی تەندروست و هەوڵی باشبوونەوەی تەندروستی نەخۆشە

وەکو کۆتا چارەسەر سەیری نەشتەرگری نەخۆشێک چەندین جار ڕێژیمی ئەنجام دابێت ئەوا ئێمە پێشنیاری ئەو نەشتەرگەرییەی هۆی هەرەشە لەسەر تەندروستی دڵ و دەمار بێتەکایەوە وەکو پێشنیاری نەخۆشەکە دەکەین کە دەدەین".

یاریدەدەری پرۆفیسۆر. دکتۆر محەمەد ئالپەر ئۆزتورک، پسپۆری نەشتەرگەری گشتی لە کۆتایی قسەکانیدا ئاماژەی بەوەدا کە زۆرێک لە خەڵک لە دەرەوەی وڵاتەوە تورکیا هەڵدەبژێرن بۆ ئەنجامدانی ئەو نەشتەرگەرییە و وتی:

"هۆکاری هەڵبژاردنی تورکیا بۆ ئەنجامدانی ئەو نەشتەرگەرییە لە تورکیا بە شێوەیەکی ئەو نەشتەرگەرییە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە سەرکەوتوو ئەنجامدەدرێت. هۆکارێکی تریش ئەوەیە کە تاقمی پزیشکی، نەخۆشخانە و کەلوپەلی باشی نەشتەرگەری و هەرزانی لە نرخ لە چاو وڵاتانی دیکە هۆکارێکی ترە. هەموو ئەو خاڵانە دەبنە هۆی ئەوەی کە نەخۆشەکان لە دەرەوەی وڵات، ئەورووپا و ئەمریکاوە بێنە لامان".

عەلی عەنتەر

Email: gazete@tbajansi.com
بۆ پەیوەندی: ٠٧٥٠ ٢٦١ ١٠ ١١
٠٧٧٣ ٣٤٣ ١٠ ١١
بۆ ڕیکلام کردن: ٠٧٥٠ ٩٣٤ ٦٣ ٣٣
٠٧٥٠ ٩٣٤ ٧٣ ٣٣
ناونیشان: شەقامی ٣٠م/ بەرامبەر هوتێلی نێودەوڵەتی هەولێر

خاوەنی ئیمتیاز: تەبا
سەرنووسەر: محەمەد فەرید ئەربیل ئوغلۆ
وەردەکاری لە نووسین: زیا عوزێری
دیزاین: چۆبان تیمور

تێبینی:
بابەتەکانی گۆشەی بیروڕای هەفتەنامەی تەبا، گوزارشت لە بیروڕای خودی نووسەر دەکات.